دەستگیرکردنی "شانەیەکی تیرۆریست"ی لە لوبنان



سوپای لوبنان ئەمڕۆ دوشەممە دەستگیرکردنی پێنج کەسی ڕاگەیاند کە یەکێکیان عێراقی بوو ،ئاماژەی بۆکرد ئەو کەسانە شانەیەکی "تیرۆرست"یان دروستکردووە.

سوپای لوبنان لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، "بەوەبەرایەتی هەواڵگری بەردەوامە لە چاودێری ئەمنی و ئێپەراسیۆنەکانی بەدواداچون دژی ئەکخراوە تیرۆریستییەکان، لەو چوارچێوەیەشدا هەریەك لە تەمەتبار (ن.ع.)، (ع.گ.)، (ی.ت.)، (ع.ج.)، و عێراقی (ع.گ.)ی دەستگیرکردووە بەهۆی پێکهێنانی شانەیەکی تیرۆریستی".

ئاماژەی بەوەشکردووە، "دوای لێکۆڵینەوەکان، دەستگیرکراوەکان ڕەوانەی دەسەڵاتی دادوەری کارامە کران".

سەبارەت بەرەگەزنامەی دەستگیرکراوەکانیش، ئەوەی ڕونکرداتەوە، بەشێك لەدەستگیرکراوەکان هەڵگری ڕەگەزنامەی لوبنان و بەشێکیان سوریا و یەکێکیشیان عێراقی بووە.